# ڕیفۆرم یان شۆڕش

**ئێلیزابێت شوڵته**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:**
**گروپی وەرگێڕانی ناوەندی کۆمۆن**

بابەتی سەرەکی کە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ زۆر دواتر پێی گەیشت، ڕۆڵی ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی بوو لە هێنانەسەر ئەوباوەڕەی کە هەمووان پەیوەستبن بەخەبات لە پێناوی یەک جیهانی سۆشیالیستیدا.

**ڕیفۆرم یان شۆڕش**

ئێلیزابێت شولتە

ساڵی ١٨٩٨ کە "رۆزا لوکزامبۆرگ"، سۆشیاڵیستی بە رەگەز پۆڵندایی، بەرەو ئەڵمانیا چوو،ئەم وڵاتە بنکەی بیری سۆشیاڵیستی و لانکەی گەورەترین پارتی سۆشیاڵیستی جیهان بوو: پارتی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانیا.

بەڵام لە ناو پارتەکەدا گفت و گۆیەکی قووڵ لە ئارادا بوو، لە لایەکەوە شۆڕشگێڕەکان، ئەو مارکسیستانەی کە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆشیاڵیزم؛ تەنیا بە خۆڕزگارکردنی چینی کرێکار بەدی دێت. لە لایەکی دیکەوە ڕیفۆرم خوازەکان یان ڕیڤیژنیستەکان کە دەیانگوت سەرمایەداری گەیشتووەتە قۆناخیک کە ئیتر خواستی شۆڕش پێویستییەکی ئەوتۆی نیە و لە جێگەی شۆڕش، ڕیفۆرم لە بواری مافە دیموکراتیەکان و پلان کۆمەڵایەتی و ئاسوودەییەکان بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی زیاتر ؛ دەتوانێ سۆشیاڵیزم پەرەپێبدات.

ڕیڤیژنیستەکان بە سەرکردایەتی ***ئێدوارد برنشتاین***، سۆشیاڵیستی دیاری ئەڵمانی،بەرەو سەرپشک بوون دەچوون . ئەم بابەتە،بۆ بزاڤی سۆشیاڵیستی بابەتێکی نوێ نەبوو. بەشێک لە سۆشیاڵیستە سەرەتاییەکان وەکوو "فێردیناند لاساڵ"یش بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە سۆشیاڵیزم دەتوانێ بە دەستی پەرلەمان مسۆگەر بێت .

ساڵی ١٨٧٨، "ئۆتۆفۆن بیسمارک"، سەروک وەزیرانی ئەڵمانیا، گەلێک یاسای لە ژێر ناوی "یاساگەلی دژە سۆشیاڵیستی" دانا. بە هۆی ئەم یاساگەلەوە هەزاران کەس دەستبەسەر کران و دوورخرانەوە. رۆژنامە سیاسیەکان داخران و تەواوی چالاکیە

سیاسیەکان  جگەلە هەڵبژاردن؛ نایاسایی ڕاگەیاندران. لەم کاتەدا پارتی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانیا خۆی وەک پارتییەکی شۆڕشگێڕ ڕاگەیاند و ڕێگای پەڕلەمانیی  لە بە دیهاتنی سۆشیالیزمدا خستەلاوە.

پلاتفۆڕمی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، زمانی بێژەری کەڵکەڵەو کێشەکانی چینی کارێکاری هاوچەرخی ئەڵمانیا بوو. هەر بەم بۆنەوە بوو کە بەشی پارتەکە لە دەنگەکان،لە ٣١٢ هەزار دەنگ لە ساڵی ١٨٨١ بەرەو ١,٤ ملیۆن دەنگ لە ساڵی ١٨٩٠ هەڵکشا.

لە ساڵی ١٨٩٠، "یاساگەلی دژە سۆشیالیستی" لابرا و شەپۆلێک لە مانگرتنەکان و شەڕی پیشەیی و سەندیکاییەکانی بە دوای خۆیدا هێنا.

سەرکردەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە ترسی ئەوەی کە مانگرتنەکان نەبێتە هۆی ترس و سڵکردنەوەی ئەندامانی خۆپاریزی پارتەکە و یان سەرهەڵدانەوەی دووبارەی سەرکوت ،لایەنی شۆڕشگێڕانەی پلانەکانی خۆیانیان وەلانا.

لەم ڕووەوە لە کۆنگرەی ١٨٩٠ لە ئێرفۆرت، پلانی پارتەکە سەرەڕای لە خۆگرتنی مارکسیزم و لە ناوچوونی سەرمایەداری وەک بیری "فەرمی" پارتەکە، داوای کۆمەڵێک ئەرکی ئاکاریی (پراکتیکی) شی دەکرد کە لە گەڵ سەردەمێکدا کە شۆڕش بە شێوەیەکی خێرا لە ئارادا نییە بگونجێت.

هەلای ئۆپۆزیسیۆنی پارتەکە لە بەرانبەر دەسەڵاتدا، رسکانی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکان دا بۆ بەدی هێنا .بەڵام لە ناوەرۆکی پارتەکە دا کەلێنێک بە هۆی پرسیارێکەوە لە درووست بوون دا بوو:ئەم ئۆپۆزیسیۆنە هەتا کوێ دەبێ بڕوات ؟

له نێوان ساڵەکانی ١٨٩٦بۆ ١٨٩٨، *برنشتاین* زنجیره وتاریکی سەبارەت به "کێشـەکانی سۆشـیالیزم" و دواتـر کتێبێکـی بـڵاو کـردەوه. وڵامـی تـەواوی ڕۆزا لۆکسـمبۆرگ لـه نامیلکەیەک دا له ژێر ناوی "ڕیفۆرم یان شۆڕش" له ساڵی ١٩٠٨ له چاپ درا .

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ له هەمان بەشی یەکەمی کتیبەکەیدا،کێشەکەی بۆ هـەر کەسێک که پێیوابوو ئەو دەیەویَ دوو بابەتی شۆڕش و ڕیفۆرم له بەرانبەر یەکدا دابنێت یـەکلایی کردەوه :"دەتـوانین شۆڕشێکی کۆمەڵایـەتی و ئاڵوگۆڕی پێکهاتـەی هـەبوو و هـەروەها مەبەسته کۆتاییەکەیشی له بەرانبەر ڕیفۆرمه کۆمەڵایەتیەکان دا دابنێین؟ بەدڵنیاییەوه نەخێر".

شەڕی پڕاتیکی ڕۆژانه بۆ ڕیفۆرمەکان و بۆ باشتر بوونی بارووودۆخی کرێکاران لـه هـەناوی چوارچێـوەی پێکهاتـەی هـەبووی کۆمەڵایەتییـه، هـەروەها بـۆ ڕێکخـراوه دیموکراتیکـەکان، لـه ڕوانگـەی سوسـیال دیموکراسـیەوه تـەنیا وەک ئامرازێکـه بـۆ تیکهـەڵچوون لـه شـەڕی چینایـەتی پرۆلتاریـا و چـالاکی نوانـدن بـەرەو گەیشـتن بـه مەبەسـتی کۆتـاییی ڕوانگەکـه . واتـه گرتنەدەسـتی دەسـەلاتی سیاسـی و هەڵوەشاندنەوەی کاریکرێگرته.

له روانگەی دیموکراسی سۆشیاڵیستییەوه،له نێوان ڕیفۆرمه کۆمەڵایەتیەکان و شۆڕش دا پێوەندییـەکی نـەپچڕاو بـوونی هەیـه. واتـه شـەڕ بـۆ ڕیفۆرمـەکان ئامرازیـەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەبەستی.

له راستی دا برنشتاین بوو که ئەم دوو بابەتەی له بەرانبەر یـەک دا دادەنا: "مەبەستی کۆتـایی سۆشـیالیزم هـەرچی بێـت بـۆ مـن مانایـەکی نییـه ؛ هـەموو شـتێک خـودی بزووتنەوەکەیه کەیه ". برنشتاین که له دەوروبەری خۆیدا زۆرێک لـه خۆشگوزەرانی سەرمایەداری و سەرکەوتنی کرێکارانی له دەستەبەرکردنی ڕیفۆرمه گەورەکان دەدی، بـەو ئەنجامـه گەیشـت کـه سـەرمایەداری کۆمـەڵیک میکـانیزمی تـازه وەک *سـەندیکا*

*کرێکاریەکان و چاک سازی لە هەڵبژاردن و یاسادا* دروووستکردوە، کە ئەمانە پەرەسەندنی پلە پلەی کۆمەڵگا بەرەو سۆشیالیزم مسۆگەر دەکەن.

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ قسەکانی برنشتاینی بردە ژێر پرسیارەوە و ئاماژەی بەوە دەکرد کە گەر برنشتاین لە سەر ئەو باوەرەیە کە سۆشیالیزم دەتوانێ بە ڕیفۆرم بەدەستبێت کە وایە ئەو زیاتر کەسێکی خەیاڵاوییە. بەوتەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ هەر بەوجۆرەی *شارل فۆوریە*، سۆشیالیستی خەیاڵاوی فەرەنسی پلانێکی لە مێشک دا بوو کە "*بە درووست کردنی پێکهاتەیەک لە فالاکسترەکان** ئاوی هەموو زەریاکان بگۆرێت بۆ لیمۆنادیکی بە تام*"، برنشتاینیش بە دوای ئەمە وە بوو کە "ئاوی سوێری زەریای سەرمایە داری بۆ ئاوی شیرینی زەریای سۆشیالیستی بگۆرێت، بەڵام بە تێکەڵکردنی چەند بوتڵێ لە لیمۆنادی سوسیال ریفۆرمیسم ".

شیکردنەوەکانی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ سەبارەت بە رۆڵی یەکێتیە کرێکاریەکان و هەڵبژاردنەکان و شەڕ بۆ ڕیفۆرم و- وەشاندنی تووی گۆڕانی سۆڕشگێڕانە - لە گەڵ تێپەر بوونی ١٠٠ ساڵ بە سەر ئەوکاتەدا هێشتا هەر برەو و تازەیی ماوە. گرنگی سەندیکاکان بەبڕوای ئەو لەمەدا بوو کە یەکێتیە کرێکاریەکان جێگایەکە؛ کە کرێکاران لەوێدا کۆدەبنەوە و تێدەگەن کە بەشێکن لە یەک چینی گەورە. لە ڕێگای خەباتەوە بۆ ڕیفۆرم لە هێزی چینایەتی خۆیان تێدەگەن.

کرێکاران نەک تەنیا لە تواناکانی خۆیان بۆ ڕیفۆرم تێ دەگەن، بەڵکوو لە هەمان کاتیشدا بەربەستەکانی ئەم ڕیفۆرمانە وە هەروەها گرنگی گرتنەدەستی دەسەڵاتیش بە شێوەیەکی ئاکاری دەبینن. ڕۆزا لۆکسمبۆرگ خەباتی سەندیکایی وەک کارە دژوارەکەی کەسایەتی داستانی "سیزیۆف" وێناکرد کە بە بردنە سەرەوەی بەردەوامی بەردێکی گەورە بەرەو کێوێک سزادرابوو و دەبوا هەر ئەم کارە دووبارە

بکاتـەوە. هـەر ئـەم وتەیـە بـۆ ئـەو ڕیفۆرمانـەی کـە لـە سـنووقی هەڵبژاردنەکـانەوە هاتوونەتە دەرەوە ڕاستە.

برنشـــتاین و ڕڤیزیۆنیســـتەکان بڕوایـــان وابـــوو کـــە ســـەندیکاکان، ڕیفۆرمەکـــان و هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکان سەرەکین بۆ گەیشتن بە جۆرێک لـە سۆشـیالیزم،خەبات بۆ بەدەستێنانی ڕیفۆرمیان بەلاوە گرنگ نەبوو. بەبڕوای ئـەوان سـەندیکاکان دەسـتکەوت و ئـامرازێکن بـۆ کۆتایهێنـانی ناکۆکیەکـانی سـەرمایەداریی لـە نێـوان کرێکـاران و خاوەنکارەکاندا.

لە کاتیکدا بۆ سۆشیاڵیستەکان یەکێتییە کرێکاریەکان ئامرازێکە کە بە هۆیـەوە دەکرێت دژایەتی و ناکۆکی نێوان کرێکار و سەرمایەدار ئاشکرا و رێکخراو بکرێت.

لە راستیدا خەبات بۆ ڕیفۆرم، لە جەهەری خۆیدا دژەهێرشێکە بەرامبەر هێرشـەکانی رژێمی سوود نەک خودی ڕژێمی کاریکرێگرتە.

ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە کۆتاییدا بەم شێوەیە دەرەنجامی دەکاتەوە کە برنشتاین بەهـیچ شیوەیەک نایەوێت رێگایەکی "ڕاستر" بگریتەبەر بەرەو سۆشیاڵیزم، بەڵکوو تێڕوانینـی سۆشیاڵیزمی فڕێداوە: "هەر بەو هۆکارەوە کەسانێک کە خۆیان بە پارێزەری رێبازی ڕیفـۆرمی یاسـایی شـیاو جیـاواز لـە بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتی سیاسـی و شـۆڕشـی کۆمەڵایەتی دەزانن، لەڕاستیدا رێگەیەکی هێواشـتر و ئاسـانتر هەڵدەبژێرن نـەک بـەرەو مەبەستێکی هاوبەش [سۆشیاڵیزم]،بەڵکوو بەرەو مەبەستیکی جیاواز لە [سۆشیاڵیزم]".

ئەگەر وابێت وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ واتەنی :

"بەرنـامەی ئـێمە نەک بـۆ دامەزرانـدنی سۆشـیاڵیزم،بەڵکوو دەبێـت بـە راسـتکردنەوەی سـەرمایەداری؛ نەک لابردنـی سیسـتەمی کاریکرێگرتە،بـەڵکوو دەبێـت بـە کەمکردنـەوەی

چەوساندنەوە،واتە ڕێگریکردن لە ناڕەوایەکانی سەرمایەداریی لە جیاتی ڕێگریکردن لە سیستەمی سەرمایەداری".

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە جێگەی ئەوەی کە ئاستی گرنگی خەبات بۆ ڕیفۆرمی کەمبایەخ کات، لەسەر ئەوە وەستا کە ئەم خەباتە گرنگە: "لە یەک وشەدا دیموکراسی پێویستە،نەک لەم ڕووەوە کە وەرگرتنی دەسەڵات بە دەستی پرۆلتاریا ناپێویست دەکات،بەلکوو لەم ڕووەوە کە پێویستی وەرگرتنی دەسەڵات دەسەلمێنیت و لە هەمانکاتیشدا دۆخی گەیشتن بە دەسەڵاتیش دەرەخسێنێت ".

ئێستا لە خەباتی سۆشیالیستەکاندا لەگەڵ کەسانێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە گەڵ پرسیارێک دەستەویەخەن: چ جۆرە گۆڕانێک پێویستە؟ دوو ناڕوونی لە ریزی سۆشیالیستەکان دا هەیە: یەکەم،لەبەرچاو نەگرتنی ئەو هەلکەوتانەی کە لە بەردەستدان و دووەم،بەفەرمی ناساندنی ئەو هەلکەوتانە بەبێ هەوڵدان بۆ کەلک وەرگرتن لێیان. مەترسی یەکەم دەستنەبردنە بۆ خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئاڵوگۆڕە سنووردار و لاوەکیەکان لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا، و بێبایەخ کردنی ڕیفۆرمەکان.

گەر سۆشیالیستەکان خۆیان لەو مژارانە جیابکەنەوە کە خەڵک خەباتی بۆ دەکەن، ئەوکات لادەکەون لە بزووتنەوەکە و بیروباوەڕەکانیشیان تازە و خاوێن دەمێننەوە بەبێئەوەی کەمترین کاریگەریشیان لە هیچ کەس هەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سۆشیالیستەکان تەنها خۆیان بخەنە ناو چەقی خەباتی ریفۆرمیستییەوە و بەبێ ئەوەی کە بیریان لە هەنگاوی دواتر کردبێتەوە و بێ ئەوەی بزانن بڕیاریی دواتریان چی دەبێت، ئەوکات پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت کە داهاتوویەک کە ئەوان خەریکە بنیاتی دەنێن هەمان ئەم ریفۆرمانەیە. ئەو مەترسیانە بەرەو ڕوویان دەبیتەوە کە نەتوانن هیچکەس باوەڕپێبهێنن کە کۆتایهێنانی سەرمایەداری پێووسیتییە.

ئـەم مەترسـییەش هەیـە کـە وەک برنشـتاین بچنەسـەر ئـەو بـاوەرە کـە "بـزووتنەوەکە خۆی هەموو شتێکە".

بــەڵام بابــەتی ســـەرەکی کــە  ڕۆزا لۆکســمبۆرگ زۆر دواتــر پێــی گەیشــت، ڕۆڵــی رێکخراوەیـەکی شۆڕشـگێڕانەی سۆشیاڵیسـتی بـوو لە هێنانەسـەر ئەوبـاوەرەی کە هەمووان پەیوەستبن بەخەبات لە پێناوی یەک جیهانی سۆشیاڵیستیدا.